# بانگەوازەکەی شێخ

# محمد بن عبدالوهاب

# دەوڵەتی عوسمانی

و

## ڕاستکردنەوەی تێڕوانینێکی هەڵە


نوسینی

مامۆستا

سەرباز محمد حسن



٢٠١١ - ١٤٣٣

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله، نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله.

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ} [سورة آل عمران : الآية، ١٠٢]

{يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَتَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً} [سورة النساء : الآية، ١]

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً} [سورة الأحزاب : الآية، ٧١]

أما بعد: فإن أصدق الحديث كلام الله، وخير الهدي هدي محمد - صلى الله عليه وعلى آله وسلم – وشر الأمور محدثاتها وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار[صحيح مسلم – كتاب جمعة]

دەرچوون لە دەسەڵاتی حاکم یەکێکە لە هەستیارترینی بابەتەکان، قەدەغەکردن و ڕێپێدانی ئەرکی ئەهلی عیلمە و هەموو کەس بۆی نییە خۆی لەو بابەتە بدات، دەرچوون لە دەسەڵاتی حاکم لە بابەتی سیاسەتی شەرعی خۆی دەبینێتەوە، پێغەمبەری خۆشەویستیشمان - صلى الله عليه وسلم - دەفەرموێ: [كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الأَنْبِيَاءُ] (رواه البخاري). زانایانیش میراتگری پێغەمبەرانن بۆیە ئەرکی ئەوانە ئەو بابەتە ڕوون بکەنەوە.

چەند بابەتێکی زۆر هەستیار لەو چەند ساڵەی دواییدا گەر ورتریش بڵێین دوای دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوەیت زۆر وەستایانە شێواندرا، شێواندنێك حەق تێیدا کرا بەناحەق و ناحەقیش کرا بەحەق، لە هەموو ئەو بابەتانەش کە زیاتر شێواندرا شەرعاندنی حوکمی حاکمی ستەمکار و دەرنەچوون لە دەسەڵاتی بوو، ئەو شەرعاندنە زۆر بەداخەوە لەڕێی فەتوای چەند زانایەك کرا، خوای گەورەش خۆی ئاگادارە ئەو فەتوایانە بەویستی ئەو زانایانە یان بە زۆرلێکردن و ئیجبارکردنیان بووە، هەروەکو شەیخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێ دەربارەی حوکمی ئیستعانە بەکافر وەڵامی زانایانی سعودی دایەوە و فەرمووی نازانین ئەو جۆرە فەتوایانە زانایان بەویستی خۆیان بووە یان تێیدا موجبەر کراون.

دەرچوون لە دەسەڵاتی حاکمی ستەمکار و گۆڕینی گەر کرا، وە دانانی حاکمێکی عادل ئەوە بیروبۆچوونی زۆربەی زانایانە و چاکترین سەرچاوەش بۆ ئەو بابەتە (أحكام القرآن للجصاص ١/ ٨٨) هەروەها (مراتب الإجماع، ص: ١٧٧ .ئیمام إبن حزم) و (العواصم والقواصم في الذب عن سنة أبي القاسم ئیمام "إبن الوزير") ئەو بۆ چونانەشمان بەدرێژی خستۆتە بەرچاوی خوێنەر لە کتێبی (بگە بە مەرام لە"حوکم و ناسینی جۆرەکانی حوکام).

یەکێك لەو بەڵگە ڕوون و ئاشکرایانە لەسەر دەرچوون لە دەسەڵاتی حاکمی ستەمکار یا گەندەڵ بزووتنەوەکەی (شیخ الاسلام محمد بن عبدالوهاب)ە، ئەوەی مێژووی ئەو بزووتنەوەیە بخوێنێتەوە زۆرچاك دەزانێ ئەو زانایە خروجی کرد لە دەوڵەتی عوسمانی، دەوڵەتێکی ئیسلامی لەگەڵ (محمد إبن سعود) دامەزراند، لەو بزووتنەوەیەش شمشێر و زانستی شەرعی کۆبوونەوە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و فەسادی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکە. بەڵام زۆر بەداخەوە ئەو خەڵکەی خۆمان ڕاستەوخۆ ناگەڕێنەوە سەر سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەو بزووتنەوەیە، بەڵکو لە خوێندنەوەی کەسی دووەمەوە بۆ سەرچاوەکان زانیاریەکانیان وەردەگرن.

ئەوڕۆ گەر باسی ئەوە بکرێ (محمدی کوڕی عەبدولوەهاب) لە دەسەڵاتی عوسمانی دەرچوو، خەڵکێك ڕاستەوخۆ کاردانەوەیەکی ناحەکیمانەی دەبێت و کۆمەڵێك بوختانی بۆ هەڵدەبەستن و بێدینانە تاوانباری دەکەن و دەڵێن ئەوە شوبهەی حیزبی و تەکفیریەکانە و هەندێك گوتەی زانایان دێننەوە و دەڵێن نەخێر دەوڵەتی عوسمانی هیچ دەسەلاتی لەناوچەی (نەجد و حیجاز) نەبووە، بەڵکو هەر کەس بۆخۆی ئەمیرێك بووە و (محمد کوری عەبدولوەهاب) ئەو گەڕەلاوژەیەی نەهێشت؛ نەوەك دەرچووبێ لە دەسەڵاتی حاکم.

ئەو گوتەیە تا چ ڕادەیەك ڕاستە و لە تەرازووی سەرچاوە مێژووییەکان سەنگی چەندە؟ ئایا ڕاستە عوسمانییەکان لە ناوچەی (نەجد) دەسەڵاتیان نەبووە و (محمد کوری عەبدولوەهاب) لە دەسەڵاتی عوسمانییەکان دەرنەچوو؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە لەگەڵ خوێنەر گەشتێکی هێمنانە دەکەین بەنێو سەرچاوەکان و هەوڵدەدەین بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ئەو تەم و مژە بڕەوێنینەوە کە لە دەوری ئەو بابەتە هەڵکراوە و تەواوی وێنەکە بکەوێتە بەرچاوی خوێنەر.

پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ بچینە سەر بەڵگەکان گرنگە دوو خاڵ ڕوون بکەینەوە:

یەکەم: زۆرجار کە باسی دەرچوونی(محمد کوڕی عەبدولوەهاب) دەکرێ لە خیلافەی عوسمانی، یەکسەر دەگوترێ ئەوە گومانێکە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسانەی دژایەتی بانگەوازەکەی (محمد کوڕی عەبدولوەهاب)یان کردووە، بۆنمونە کەسێکی وەکو(عبدالقديم زلوم) لەکتێبی (كيف هدمت الخلافة) لەبەر ئەوەی ئەو کەسە ڕقی لە سەلەفیەتە.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بەهانەیەکی لاواز و ناڕەوایە لەبەرئەوەی(عبدالقديم زلوم) لە کتێبەکەیدا باس لە قۆزتنەوەی ئەو بانگەوازە دەکا لەلایەن (آل سعود) (عبدالقديم زەلوم) بە ئیمام ناوی (محمد کوڕی عەبدولوەهاب) دێنێ و دەڵێ (آل سعود) پیاوی ئینگلیز بوون نەوەك (محمد کوڕی عەبدولوەهاب) بڕوانە:

(وكان معروفاً أن هذه الحملة الوهابية عمل إنجليزي، لأن آل سعود عملاء للإنجليز، وقد استغلوا المذهب الوهابي - وهو من المذاهب الإسلامية، <u>وصاحبه الإمام محمد بن عبد الوهاب مجتهد من المجتهدين</u> - استغلوا هذا المذهب في أعمال سياسية لضرب الدولة الإسلامية، والاصطدام مع المذاهب الأخرى، لإثارة حروب مذهبية داخل الدولة العثمانية، دون أن يدرك ذلك أتباع هذا

المذهب، ولكن عن إدراك ووعي من الأمير السعودي ومن السعوديين. لأن العلاقة لم تكن بين الإنجليز وصاحب المذهب محمد بن عبد الوهاب، وإنما كانت بين الإنجليز وعبد العزيز بن محمد بن سعود ثم بينهم وبين ابنه سعود).

دووەم: کە دەڵێین(محمد کوڕی عەبدولوەهاب) ڕەحمەتی خوای لێبێ لە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دەرچوو، ئەوە گومان نییە تاوەکو پێویست بەڕەواندنەوە بکات، بەڵکو ئەو هەڵوێستەی (شیخ الإسلام محمد کوڕی عەبدولوەهاب) یەکگرتنەوەیە لەگەڵ بیروبۆچوونی زۆربەی زانایان کە بەچاکیان زانیوە گەر کرا حاکمی ستەمکار بگۆردرێ بە حاکمێکی عادل، کەوابوو شاردنەوەی ڕاستی بانگەوازەکەی (محمد کوڕی عەبدولوەهاب) وا نیشاندانی کە ئەو ناوچەیە بێ دەسەڵات بووە، ئەوە گومانە و پێویست بە وەڵامدانەوە دەکات و دەچێتە چوارچێوەی مانای(ذر الرماد في العيون).

ئەو بەڵگانەی دەهێنرێتەوە لەسەر ئەوەی (محمد کوڕی عەبدولوەهاب) خروجی نەکردووە لە دەوڵەتی عوسمانی لەو چەند خاڵە دەرناچێ:

یەکەم: نامەکەی (شیخ) بۆ خەڵکی (القصيم) (رسالة الشيخ إلى أهل القصيم).

کە تێیدا دەفەرموێ: (وأرى وجوب السمع والطاعة لأئمة المسلمين برهم وفاجرهم ما لم يأمروا بمعصية الله، ومن ولي الخلافة واجتمع عليه الناس ورضوا به وغلبهم بسيفه حتى صار خليفة وجبت طاعته ؛ وحرم الخروج عليه).

واتە: گوێڕایەڵی پێشەوای موسڵمانان بە واجیب دەزانم گەر فەرمان بە شکاندنی فەرمانی خوا نەکەن، وە ئەو کەسەی خیلافەتی کەوتە دەست و خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە و پێی ڕازی بوون ئەویش بەشمشێر بەسەریاندا زاڵ بوو تا دەبێتە خەلیفە واجیبە گوێڕایەڵی حەرامە دەرچوون لە دەسەڵاتی.

لەسەر ئەو چەند دێڕە دەڵێین:

یەکەم: زانایانی ئیسلام کۆڕان لەسەر ئەوەی دەبێت خەلیفە و پێشەوای موسڵمان گوێڕایەڵی بکرێت و ئەوەش هیچ جێی گومان نییە، مەگەر کەسێکی سەر لێشێواو و ئاژاوەگێر بەپێچەوانەی

ئەو بنچینەیە هەنگاو بنێ، ئەو چەند قسەیەی شەیخ جێی کۆڕای هەموو موسڵمانێکی دڵسۆزی ئەو ئاینەیە.

بەڵام ئەوەی سەیرە ئەو خەڵکە هەر ئەوەندەی قسەکانی شەیخ نەقڵ دەکەن و زیاتری ناخوێننەوە، لێرە شەیخ - ڕەحمەتی خوای لێبێ- دەفەرموێ گوێڕایەڵیان جائیزە گەر فەرمان بەشکانی فەرمانی خوا نەکەن(ما لم يأمروا بمعصية الله) ئایا لادانی قورئانی پیرۆز لە حوکم و پەیڕەوکردنی جگە لە شەریعەتی خوا شکانی فەرمانی خوایە یان گوێڕایەڵی فەرمانی خوایە؟ هیچ خاوەن دین و عەقڵێك ناڵێت لادانی شەرعی خوای گەورە شکانی فەرمانی خوای گەورە نییە، کەوابوو خیانەتە هەر ئەوەندەی فەتوایەکە تیشکی بخرێتە سەر و تەفصیلی فەتواکە پشتگوێ بخرێ.

ئینجا باتەواوی قسەکانی شەیخ نەقڵ کەین بۆ ئەوەی تەعەصوب و جەهل بڕەونەوە و ڕاستییەکان زیاتر بکەونە ڕوو، شەیخ دەفەرموێ:

(ولا أكفر أحداً من المسلمين بذنب، ولا أخرجه من دائرة الإسلام، وأرى الجهاد ماضيا مع كل إمام براً كان أو فاجراً وصلاة الجماعة خلفهم جائزة، والجهاد ماض منذ بعث الله محمداً (صلى الله عليه وسلم) إلى أن يقاتل آخر هذه الأمة الدجال لا يبطله جور جائر ولا عدل عادل، وأرى وجوب السمع والطاعة لأئمة المسلمين برهم وفاجرهم ما لم يأمروا بمعصية الله، ومن ولي الخلافة واجتمع عليه الناس ورضوا به وغلبهم بسيفه حتى صار خليفة وجبت طاعته ؛ وحرم الخروج عليه).

دەفەرموێ: هیچ موسڵمانێك کافر ناکەم بە گوناه، وە دەری ناکەم لەچوارچێوەی ئیسلام و، جیهادم پێڕەوایە لەگەڵ هەموو پێشەوایەکی چاکەکار و گوناهبار، وە نوێژی جەماعەت لەدوایان جائزە و، جیهادکردنیش بەردەوامە لەوکاتەی خوای گەورە پێغەمبەری خۆشەویستی ڕەوانە کردووە -صلى الله عليه وسلم- تا دواین کەسی ئەو ئومەتە لەڕووی دەجال دەجەنگێ ئەوە جیهادە ستەمی ستەمکار و دادوەری دادوەران بەتاڵی ناکات.

ئەوە پێشەکییەکەی شەیخە ڕەحمەتی خوای لێبێ ئینجا دەفەرموێ: (وأرى وجوب السمع والطاعة لأئمة المسلمين برهم وفاجرهم ما لم يأمروا بمعصية الله، ومن ولي الخلافة واجتمع عليه الناس ورضوا به وغلبهم بسيفه حتى صار خليفة وجبت طاعته ، وحرم الخروج عليه).

قسەکانی شەیخ لەسەر گوێڕایەڵی حاکمێکە ئیمامەتی نوێژ و جیهاد کردن بۆ موسڵمانان دەکات ئەو حاکمەیە سەمع و تاعەتی واجیبە، خوای گەورە تۆڵەی ئەو دینە لە ئەهلی تەحریف بسەنێتەوە، ئەوە تاوانە ڕاستیەکان بشێوێنرێ و فەتواکان بەبڕدراوی نەقڵ بکرێ، ئاخر شەیخ هەموو تەمەنی لەپێناو گێڕانەوەی شەرعی خوا خەرج کرد چۆن قسەی ئەو زاتە دێنرێتەوە بۆ گوێڕایەڵی موتڵەقی حاکمەکان.

کەوابوو ئەو قسەیەی شەیخ قەت بە بەڵگە ناڕوات لەسەر ئەوەی شەیخ لە دەوڵەتی عوسمانی دەرنەچووە.

وە هەرلێرەوەش گرنگە دیسان وریای ئەوە بین بۆچوونی دەرچوونی شەیخ لە دەوڵەتی عوسمانی کراوەتە ماڵ بەسەر ئەو کەسانەی ڕقیان لە بانگەوازەکەی شەیخە، ئەوەش بوختانێکی گەورەیە و دوو بابەتی لەیەك جودان. کەسێك عەودالی یەکتاپەرستی بێت ڕقی لە بانگەوازەکەی شەیخ نابێتەوە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوەنییە ڕەحمەتی خوای لێبێ لە دەوڵەتی عوسمانی خروجی نەکردووە، ئەو خروجەش لە ڕاستیدا تاوان نییە، بەڵکو هەڵوێستێکی شەرعی تەواو بوو ئامانجەکەشی ئەو کات دامەزراندنی دەوڵەتی تەوحید بووە.

دووەم: کتێبی (شرح مسائل الجاهلية/ صالح بن عبد العزيز آل الشيخ).

پرسیاری لێدەکرێ:

(ما رأيك عن قول من قال إن الشيخ محمد بن عبد الوهاب رحمه الله خرج على العثمانيين، وكيف نرد عليهم؟)

ڕای جەنابت چییە دەربارەی ئەوەی دەڵێ شەیخ (محمد کوڕی عەبدولوەهاب) ڕەحمەتی خوای لێبێ خروجی کرد لە دەوڵەتی عوسمانییەکان، چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟

شەیخ دەفەرموێ:(الجواب من جهتين) وەڵام لە دوو ڕوواندایە:

(الجهة الأولى: أنه كما ذكرت لكم(نَجْد) في وقت الشيخ لم تكن تحت ولاية العثمانيين، بل إن نجدا من سنة 260 هـ وهي لم تخضع لوِلاية، لا ولاية العباسيين لا ولايات أخر، كانت مستقلة، تسلط عليها بعض الخوارج من ذلك الوقت وطائفة من أهل اليمن ونحوها، يعني استقلت لم تدخل تحت طاعة من ذلك الوقت، فكانوا في تفرق فلم يُجبر أهلها ولم يخضعوا لبيعة وإنما كانوا مستقلين، لما

ظهرت الدولة العثمانية كانت نجد كل بلد لها أميرها، فما خضعوا تحت الخلافة العثمانية في أول ما قامت لأنه أول ما قامت كانت على إسلام صحيح بعد ذلك انحرفت.

هذا لما أتى الشيخ وهم على هذا النحو كل بلد لها أمير، ما يقرون بطاعة لبني عثمان بخلاف الأحساء والمنطقة الشرقية وهؤلاء يقرون للولاية للعثمانيين، والوالي على الأحساء ونحوها تحت ولايته، كذلك الأشراف ونحوهم كان عندهم نوع استقلال لكنهم تحت الولايه العامه، اما نجد كانت مستقله، هذا من جهه)

ڕووی یەکەم: هەروەکو بۆم باسکردن(نَجْد) لەکاتی شەیخ لە ژێر ویلایەتی عوسمانییەکان نەبوو، نەجد هەر لەساڵی 260 کۆچییەوە ملکەچی هیچ ویلایەتێك نەبووە نەعەباسییەکان وە نە جگە لەوان، بەڵکو سەربەخۆ بووە، هەندێك لە خەواریجەکان دەستیان بەسەراگرت وە هەندێکیش لە خەڵکی یەمەن، واتە سەربەخۆ بووە و نەچۆتە ژێر ملکەچی لەو کاتەوە بەش بەش بوون و زۆریشیان لێنەکراوە و ملکەچی هیچ بەیعەیەکیش نەبوون، کە دەوڵەتی عوسمانی وەدەرکەوت لە (نەجد) هەر ناوچەیەك ئەمیری خۆی هەبووە و ملکەچی دەوڵەتی عوسمانی نەبوون(دەوڵەتی عوسمانی سەرەتای دامەزرانی لەسەر ئیسلامێکی ڕاست بوو) دوایی لایدا.

ئەوکاتەی شەیخ هات حاڵی ئەو خەڵکە بەو شێوەیە بوو، هەر شارێك ئەمیرێکی هەبوو، دانیان بە گوێرایەڵی بەنو عوسمان نەدەنا، جگە لەناوچەی(الأحساء) و ناوچەی خۆرهەڵات ئەوانە دانیان بە خیلافەتی بەنو عوسمان دەنا، هەروەکو (الأشراف)ەکانیش جۆرێك سەربەخۆیان هەبوو، بەڵام لەژێر ویلایەتی گشتی بوون، بەڵام (نەجد) سەربەخۆ بوو ئەوە لەروێك).

لەسەر ئەو چەند بۆچونەی شەیخ چەند تێبینی و سەرنجێك دەخەینە ڕوو، ئەوە و ئەو مەنهەجە خاوێنە مەبەستم مەنهەجی(سەلەف) سوپاس بۆ خوای پەروەردگار ئەوەی فێرکردوین کە بەڵگە لەسەرووی قسەکانە و گوتەی زانایان بەڵگەی بۆ دەهێنرێتەوە، نەوەك وەك بەڵگە بهێنرێتەوە. ئەوەشە جیاوازی نێوان دەمارگیری بۆ گوتەی ئەم و ئەو لەگەڵ ملکەچ بوون بۆ بەڵگە.

یەکەم: شەیخ دەڵێ ناوچەی (نەجد) لەژێر دەسەڵاتی هیچ ئیمارەتێك نەبووە ئەوە نەك هەرکاتی شەیخ، بەڵکو لەساڵی 260 کۆچی ڕا ئەو ناوچەیە ملکەچی هیچ دەسەڵاتیك نەبووە، نەدەسەڵاتی عەباسییەکان وە نەدەسەڵاتی دوای ئەوانیش.

ئەو بۆچوونەی شەیخ بەڕاستی بۆچونێکی سەیرە و هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی ئاماژەی بەوە نەکردووە، ساڵی 260 کۆچی بەسەرەوە بەساڵی بوژانەوەی خیلافەتی عەباسی هەژمار دەکرێ لەبەر ئەوەی لەو ساڵەوە دەستکرا بەکوژاندنەوەی ئاژاوەی زەنجییەکان (255-270 کۆچی). دوای ئەوەی (أحمد بن جعفر المتوكل/الْمُعْتَمِدِ عَلَى اللَّهِ) دەگاتە سەر تەختی حوکم.

زۆربەی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی خیلافە نەبوون مێژوونووسان لە باسی ڕووداوەکانی ئەو ساڵ باسی ئەو کەس و ناوچانەیان کردووە کە نەچوونەتە ژێر دەسەڵات، بەڵام تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی نەهاتووە کە ناوچەی (نەجد) نەچۆتە ژێر دەسەڵاتی خەلیفە و بەیعەتیان نەداوە.

دوور نییە هەندێك تیرە و هۆز لێرە و لەوێ بەکاری ڕێگری هەڵسابن، بەڵام ناوچەیەکی گەورەی وەکو (نەجد) گەر لە ژێر دەسەڵاتی خیلافەت نەبوان بەبێ هیچ گومانێك سەرچاوە مێژوویەکان ئاماژەیان پێدەکرد.

ئینجا شەیخ هەر خۆی دان بەوە دەنێ کە ناوچەی(الأحساء) و ڕۆژهەڵاتی ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بوون و (الاشراف) کەسایەتی و بنەماڵە دیارەکانی ناوچەکە لەژێر ویلایەتی گشتی عوسمانییەکان بوون و، هەر ناوچەیەکیش ئەمیری خۆی هەبووە. کەوابوو لەگەڵ بوونی ئەمیر ناکرێ کەسێك ڕاستبێتەوە و بەبەهانەی چاکسازی لە دەسەڵاتی ئەمیر دەرچێت، مەگەر لەسەر بچینە و بنەمای ئەو بەڵگانە نەبێت کە باس لە شەرعییەتی دەرچوون دەکەن لە دەسەڵاتی ستەمکار.

ئینجا شەیخ دەڵێ:

(الجهة الثانية: أن في وقت الشيخ رحمه الله تعالى كان العثمانيون يدعون إلى الشرك الأكبر وإلى الطرق الصوفية ويحببون ذلك وينفقون على القبور وعلى عبادتها ينفقون عليها الأموال، فمن هذه الجهة لو كانت نجد داخلة تحت الولاية لما كان لهم طاعة لأنهم دعوا إلى الشرك وأقروه في عهودهم الأخيرة، أما في المائتين سنة الأولى (250 سنة الأولى) كانوا على منهج، يعني كانوا في الجملة جيدين، لكن لما في كان في سنة 1100 تقريبا وما بعدها لما كثر الشرك في المسلمين هم كانوا ممن يؤيدون ذلك تأييدا وينفقون عليه، وقد وجد من أقوال الخلفاء العثمانيين -حسب التسمية الشائعة-

ولاة بني عثمان وجد منهم من يكتب أدعية في استغاثة بالرسول - صلى الله عليه وسلم - أو استغاثة بالأولياء ونحو ذلك.

فالجهة الأولى هي المعتمدة التي ذكرتُ لك، والثانية فرع عنه.

ڕووی دووەم: لە زەمەنی شەیخ ڕەحمەتی خوای لێبێ عوسمانییەکان بانگەوازیان دەکرد بۆ شیرکی گەورە و بۆ رێی صۆفیاتی و ئەوەیان لا خەڵکی خۆشەویست دەکرد و پارەیەکی زۆریان خەرج دەکر لە قەبرەکان و پەرستنیان، لەو ڕووەوە گەر (نەجد) لەژێر دەسەڵاتیان بوایە نەدەبوایە گوێڕایەڵیان بکەن لەبەر ئەوەی بانگەوازیان دەکرد بۆ شیرکی گەورە و پێی ڕازیبوون لەکۆتا زەمەنیان، بەڵام لەسەرەتای 250 ساڵی سەرەتا (واتە سەرەتای حوکمی عوسمانییەکان) لەسەر مەنهەج بوون، واتە بەگشتی چاکبوون، بەڵام نزیکەی لە ساڵی 1100 دوای ئەوە هاوبەشدانان زیادی کرد لەنێو موسڵمانان ئەوان پشتگیری ئەوەیان دەکرد و پارەیان لە پێناودا خەرج دەکرد، وە هەبوون لە خەلیفە عوسمانییەکان دوعایان دەنوسی لە هاوارکردن بۆ پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) یان هاوارییان بۆ وەلییەکان دەبرد. ڕوی یەکەم ڕەواترە و دووەمیش بەشی یەکەمە.

دەربارەی ئەو قسانەی شەیخ دیسان چەند تێبینی و سەرنجێك دەخەینە ڕوو:

یەکەم: ئەوەی ئەو قسانەی شەیخ بخوێنێتەوە وا دەزانێ جۆرێك لە بێ یاسایی ناوچەی (نەجد) گرتبووەوە، وەکو بڵێی ئەو ناوچەیە شاری بێساحێب بووە، بەڵام ئەوە لەڕاستی زۆر دوورە لەبەر ئەوەی ناوچەی (نەجد) دادگا و قازی زۆربەی کێشەکانیان یەکلاکردۆتەوە و جێی عولەمایان بووە. ئەوە بەر لەهاتنی شەیخ(محمد کوڕی عەبدولوەهاب) بۆیە شەیخ (عبدالله بن عبدالرحمن بن صالح آل بسام) لەکتێبی (علماء نجد خلال ثمانية قرون ج1 ص 14 ) دەفەرموێ:

... وفي نجد عدة مدن حاضرة كانت قبل دعوة الشيخ محمد بن عبدالوهاب رحمه الله:

المدينة الاولى (أشيقر) ... فهذه المدينة زخرت بالفقهاء ووجدوا بها ،فانه يجتمع في الوقت الواحد منهم اربعون عالما كلهم يصلحون للقضاء يوم كان القضاء لايصل الى مرتبته الا كبار العلماء وفحولهم ... المدينة الثانية ( العيينة) هذه المدينة وجد بها العلماء وكثروا فيها، ولقد حدثني والدي رحمه الله وهو من حفظة التاريخ ان فيها اكثر من ثمانين عالما يدرسون العلم في جوامعها متعاصرين في زمن واحد،

هذا كله قبل الدعوة الاصلاحية. علماء نجد خلال ثمانية قرون ج1 ص 14 /عبدالله بن عبدالرحمن بن صالح ال بسام .

واتە: لە (نەجد) چەند شاری ئاوەدانی لێبووە پێش بانگەوازەکەی شەیخ ڕەحمەتی خوای لێبێ شاری یەکەم (أشيقر) یەکێك بووە لەو شارانەی کە زانایەکی زۆری تێدا بووە، لەیەك کاتدا 40 زانای تێدابووە، هەریەك لەوان شایستەی قازییاتی بووە، لەوکاتەی کە قازیاتی هەموو زانایەك پێی نەگەیشتووە مەگەر گەورە زانا و زیرەکەکانیان نەبێ.

شاری دووەم:(العيينة) ئەو شارە زانایەکی زۆری تێدا بووە، باوکم بۆی گێڕامەوە کە یەکێك بووە لە مێژووناسەکان زیاتر لە 80 زانای تێابووە، زانستیان بڵاوکردۆتەوە و هاوکاتی یەك بوون، ئەوە هەمووی پێش هاتنی بانگەوازەکەی (شەیخ محمد کوڕی عەبدولوەهاب).

لێرەدا گرنگە ئەوە بزانین هەموو ئەو گوتانەی باس لەوە دەکەن گوایە پێش هاتنی شەیخ (محمد کوڕی عەبدولوەهاب) جۆرێك لە شار بێ حاکمی ئەو ناوچەیەی گرتبوەوە، ئەوە بەو شێوەیە نییە، بەڵکو تەنها بۆ شێواندنی(حوکمی دەرچوون و دەرچوونە لە دەسەڵاتی حاکمی ستەمکار) وە زۆر گرنگە دەربارەی ئەو بابەتە خوێنەر ئەو سەرچاوانە بخوێنێتەوە [(عنوان المجد في تاريخ نجد/ إبن بشر) ، (روضة الأفكار والأفهام لمرتاد حال الإمام وتعداد غزوات ذوي الإسلام / الحسين بن غنام) وە کتێبی(علماء نجد خلال ثمانية قرون)].

خوێندنەوەی ئەو کتێبانە بە وردی دەتگەیێنێتە ئەو ڕاستییەی کە خەڵکێکی زۆر بەهەڵە حاڵی بوون یا حاڵی کراون.

خاڵی دووەم: شەیخ ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەخاڵێك دەکات گرنگە لەسەری بووەستین ئەو دەڵێ خەلیفەکانی دوا تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی بەشیرك خەریك بوون و هانی ئەو خەڵکەشیان دەدا لەو بوارە کە مەبەستی هانا بردنە بۆ ئەولیا و قەبر و ئیستغاسە کردن بەزاتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بۆیە گەر (نەجد) لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکانیش بوایە، دەبوایە بەگوێیان نەکەن. واتە لەو حاڵەتەدا ڕاپەڕینەکەی شەیخ(محمد کوڕی عەبدولوەهاب) ڕەوا بووە لەبەرئەوە عوسمانییەکان شەرعییەتی ویلایەتیان نەماوە بەهۆی ئەو شیرکانەی کە ئەنجامیان دەدا.

لەڕاستیدا ئەوە هۆکاری سەرەکی ڕاپەرینەکەی(محمد کوڕی عەبدولوەهاب)بووە، نەوەك وەکو ئەگەرێکی لاواز باسی لێوەبکرێ، ئەوەی زۆر سەیرە لە هەندێك زانا هەوڵی ئەوە دەدەن ڕووداوە مێژوویییەکان بگونجێنن لەگەڵ بۆچوونی (دەرنەچوون لە دەسەڵاتی حاکمی فاجیر) ئاخر ئەگەر صۆفیەت و هاوار کردن بۆ جگە لە خوای پەروەردگار شەرعییەت لە خەلیفە بسەنێتەوە چۆن لادانی هەموو شەرعی خوای پەروەردگار لە حوکم شەرعییەت لە حاکم ناسەنێتەوە؟!!

ئینجا شەیخ (محمد کوڕی عەبدولوەهاب) دژی شار بێحاکمی ڕانەپەڕی، بەڵکو دژی ئەو هەموو خورافات و شێواندنەی حەقیقەتی ئەو دینە ڕاپەڕی و دەستی بەبزووتنەوە چاکسازیەکەی کرد، بۆیە ئەو هەڵوێتستەی شەیخ بەکردەوە لەگەڵ فەتوای ئەو زانایانە جود دێتەوە کە ڕێیان بە دەرچوون داوە لە دەسەڵاتی حاکمی ستەمکار. ئەوە چەند تێبینییەك بەکورتی لەسەر قسەکانی شەیخ (صالح بن عبد العزيز آل الشيخ).

سێیەم: فەتواکەی شەیخ (إبن باز).

شەیخ (إبن باز) ڕەحمەتی خوای لێبێ پرسیاری لێدەکرێ دەربارەی دەرچوونی شەیخ (محمد بن عبدالوهاب) لە خیلافەی عوسمانی ئەویش لەوەڵامدا دەفەرموێ:

... لم يخرج الشيخ محمد بن عبد الوهاب على دولة الخلافة العثمانية - فيما أعلم وأعتقد -، فلم يكن في نجد رئاسة ولا إمارة للأتراك بل كانت نجد إمارات صغيرة وقرى متناثرة، وعلى كل بلدة أو قرية - مهما صغرت - أمير مستقل ... وهي إمارات بينها قتال وحروب ومشاجرات، والشيخ محمد بن عبد الوهاب لم يخرج على دولة الخلافة، وإنما خرج على أوضاع فاسدة في بلده، فجاهد في الله حق جهاده وصابر وثابر حتى امتد نور هذه الدعوة إلى البلاد الأخرى ...) (ندوة تجديد الفكر الإسلامي، ألقيت في قاعة المحاضرات بجامعة الملك سعود، 1402هـ، (مسجلة على أشرطة كاسيت).

واتە: (شەیخ محمد بن عبدالوهاب لە دەوڵەتی عوسمانی دەرنەچووە، لە نەجد سەرکردایەتی و ئیمارەتی تورکەکان بوونی نەبووە، بەڵکو نەجد پێکهاتبوو لە چەند دەسەڵاتێکی بچووك و دێهاتی لەیەك دوور، وە هەر ناوچەیەکیش هەرچەندە بچوکیش بوایە ئەمیرێکی موستەقیلی هەبووە، ئەو ئیماڕاتانەش لەگەڵ یەك ناکۆك بوون، شەیخ خروجی لە دەوڵەت نەکرد؛ بەڵکو بەڕووی بارودۆخێکی

گەندەڵ ڕاپەری و جیهادی کرد لە پێناو خوای گەورە و ئارامیشی گرت تاوەکو نوری ئەو بانگەوازە گەیشتە شوێنەکانی تر).

ئەوە بەکورتی وەڵامەکەی شەیخ (إبن باز) ە شەیخ ڕەحمەتی خوای لێبێ بەئاشکرا دەڵێ شەیخ (محمد بن عبدالوهاب) بەڕووی باروودۆخێکی گەندەڵ ڕاپەری، واتە ئەوەش دیسان ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بەوەی گەر گەندەڵی باڵی بەسەر ئەو خەڵکە کێشا و بارودۆخەکە ئەمانی پێوە نەبینرا دەبێت زانایانی ئایینی هەڵوێستیان هەبێت و خەڵکیش پشتگیریان بکات بۆ نەهێشتنی ئەو گەندەڵییە.

ئینجا بانگەوازەکەی شەیخ (محمد بن عبدالوهاب) بابەتێکی فیقهی نییە، بەڵکو ڕووداوێکی مێژووییە و دەبێت بگەڕێینەوە سەرچاوە مێژووییەکان بزانین سەرچاوە مێژووییەکان چیمان پێدەڵێن.

زۆربەی بەڵگەی ئەوانەی دەڵێن شەیخ (محمد بن عبدالوهاب)خروجی نەکردووە بەڕووی عوسمانییەکان بەو شێوەیەیە، واتە زیاتر هێنانەوەی گوتەی چەند زانایەکە نەوەك بەڵگەیەکی مێژوویی سەرچاوەکان لەسەر ئەو بانگەوازە، بۆیە گرنگە بزانین خودی ئەو سەرچاوانەی کە مێژووی ئەو بانگەوازەیان تۆمار کردووە چییان فەرمووە؟

سەرەتا شەیخ (محمد کوڕی عبدالوهاب) لەنامەیەکیدا دەفەرموێ:

(الأمر الأول : أني أذكر لمن خالفني أن الواجب على الناس اتباع ما وصى به النبي صلى اله عليه وسلم أمته، وأقول لهم الكتب عندكم انظروا فيها ولا تأخذوا من كلامي شيئاً لكن إذا عرفتم كلام رسول الله صلى الله عليه وسلم الذي في كتبكم فاتبعوه ولو خالفه أكثر الناس.

والأمر الثاني : أن هذا الذي أنكروا علي وأبغضوني من أجله إذا سألوا عنه كل عالم في الشام واليمن أو غيرهم يقول هذا هو الحق وهو دين الله ورسوله ولكن ما أقدر أن أظهره في مكاني لأجل أن الدولة ما يرضون وابن عبد الوهاب أظهره لأن الحاكم في بلده ما أنكره، بل لما عرف الحق اتبعه هذا كلام العلماء وأظن أنه وصلك كلامهم فأنت تفكر في الأمر الأول وهو قولي لا تطيعوني ولا تطيعوا إلا أمر رسول الله صلى الله عليه وسلم الذي في كتبكم وتفكر في الأمر الثاني أن كل عاقل به لكن ما يقدر أن يظهره. (رسالة أرسلها إلى فاضل. آل مزيد رئيس بادية الشام)

شەیخ لەو نامەیەدا دەفەرموێ:

خاڵی یەکەم: من بەوانە دەڵێم کە جیاوازن لەگەڵ من ئەرکی خەڵکی ئەوەیە شوێنی وەسیەتەکانی خۆشەویست بکەون(صلى الله عليه وسلم) کە بۆ ئومەتەکەی کردووە، وە پێیان دەڵێم سەیری کتێبەکانی بەردەستتان بکەن و هیچ قسەیەکی من وەرمەگرن گەر قسەکانی پێغەمبەری خواتان ناسی(صلى الله عليه وسلم) شوێنی بکەون ئەگەر جیاوازیش بن لەگەڵ زۆرینەی خەڵکی.

خاڵی دووەم: ئەو کارەی کە لەپێناویدا ڕقیان لێمە گەر بێت و لەهەر زانایەکی شام و یەمەن پرسیار بکەی، دەڵێ ئەوە ڕاستە و ئەوەش دینی خوایە، بەڵام ناتوانم دەری ببڕم لەبەرئەوەی حاکم لای ئێمە پێی ڕازی نییە، بەڵام کوڕی عەبدولوەهاب باسی لێوە دەکات لەبەر ئەوەی حاکم لەشارەکەی ئەو پێی ڕازییە و کە حەقی ناسی شوێنی کەوت).

ئەوەی کەزۆر گرنگە لێرەدا سەرنجی خوێنەری بۆ ڕاکێشم ئەوەیە لەو نامەیەی شەیخ بۆ (آل مزيد رئيس بادية الشام) زۆر بەڕاشکاوی دەڵێ ئەو قسانەی من هەموو زانایەك بەڕەوای دەزانێ، بەڵام حاکم لای ئێوە پێی ڕازی نییە و لای ئێمەش حاکم پێی ڕازییە و شوێنی کەوت، ئەوەش شتێکی ئاساییە. حاکمی ئەوکات هەر هەمووی وەلائیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی بوو، شام و نەجد و حیجاز و یەمەن و هەموو ئەو شوێنانە لەژێر دەوڵەتی عوسمانی بوون.

ئینجا خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە لەکتێبی (عنوان المجد في تاريخ نجد/ج1 ص 38.إبن بشر) ڕەحمەتی خوای لێبێ کە مێژووی بانگەوازەکەی (شيخ الاسلام) ی تۆمار کردووە دەربارەی شەیخ دەفەرموێ:

(...فانتقل الشيخ بعدها الى بلد العيينة ورئيسها يومئذ عثمان بن حمد بن معمر فتلقاه بالقبول واكرمه وتزوج فيها الجوهرة بنت عبدالله بن معمر فعرض على عثمان ماقام به ودعى اليه وقرر له التوحيد. وحاوله على نصرته وقال له : أني أرجو ان انت قمت بنصر لا اله الا الله أن يظهرك الله وتملك نجدا واعرابها ،فساعده عثمان على ذالك، فاعلن بالدعوة الى الله والامر بالمعروف والنهي عن المنكر وتبعه اناس من أهل العيينة وكان فيها أشجار فيها تعظم ويعلق عليها فبعث اليها من يقطعها فقطعت... هدم قبة زيدبن الخطاب رضي الله عنه ... حد الزنى ... فلما اشتهر امره في الافاق بذلك بلغ خبره سليمان بن محمد رئيس الاحساء وبني خالد وقيل له: ان في بلد العيينة عالما فعل كذا

وكذا وقال كذا وكذا ، فارسل سليمان الى عثمان كتابا يتهدده فيه ان لم يقتل الشيخ او يخرجه من بلده، وانه ان لم يفعل به ذالك قطع خراجه عنده في الاحساء. ... فخرج الشيخ الى الدرعية ).

واتە: شەیخ (محمد بن عبدالوهاب) دەچێتە عویەینە ئەو کات ڕەئیسەکەی ناوی (عثمان بن حمد بن معمر)بوو، پێشوازی لە شەیخ کردوو، هەر لەوێش شەیخ(جەوهەرەی کچی عبدالله) مارە دەکات. (عثمان)یارمەتی شەیخ دەدات بۆ یەکتاپەرستی، بانگەوازی شەیخ بڵاودەبێتەوە ئەو درەختانەی بە پیرۆز دەگیرا لەو شوێنە دەبردرێتەوە و گومەزەکەی سەرگۆڕی (زيد بن الخطاب) ڕەزای خوای لەسەر بێ هەر ئەوکات دەروخێنرێ، حەدی زیناش جێبەجێ دەکرێ دواتر هەواڵەکە دەگاتە ڕەئیسی ئەحسا کە ناوی(سليمان بن محمد) بوو ئەو کەسەش نامەیەك دەنێرێ بۆ(عثمان بن حمد) گەر شەیخ لەشارەکەی دەرنەکات ئەوا ئەو کات خیراجەکەی لێدەبرێ و پارەی بۆ نانێرێ، ئەوە بوو سەرەکی عویەینە (شەیخ الاسلام) لەشارەکەی دەردەکات و دەچێتە درعیە).

شاهێد لەو ڕووداوە ئەوەیە هیچ مێژوونووسێك گومانی لەوە نییە کە ناوچەی ئەحسا ڕاستەوخۆ سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بووە، عویەینەش خیراجی لە ئەحساء وەرگرتووە واتە سەر بە ئەحسا بووە، کەوا بوو ئەوە بەڵگەیە کە هەموو ئەو گومانانە دەرەوێنێتەوە کە باس لەوە دەکەن لەناوچەی نەجد عوسمانییەکان بوونیان نەبووە.

ئینجا خاڵێکی تری زۆر گرنگ شەیخ (صالح اللحيدان) زۆر بەئاشکرا باس لەو دەرچوونی شەیخ (محمد بن عبدالوهاب)دەکات لە دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەبەرئەوەی دواساتی دەوڵەتی عوسمانییەکان زیاتر بەپەرستنی گۆڕ و صۆفیەت خەریك بوون، ئەوەش دیسان هەموو ئەو تۆمەتانە دەرەوێنێتەوە کە هەندێك کەسی هەرزەکار و دەروێش هەموو ئەو برا سەلەفییانە بە حیزبی و خەواریج و موعتەزیلە لە قەڵەم دەدەن گەر بڵێن (شيخ الإسلام) خروجی کرد لە دەوڵەتی عوسمانییەکان.

کێشەی ئەو کەسانە بەڵگەی زانستی و ڕاستی و ڕەوایی نییە، بەڵکو کوێرانە شوێنکەوتنی گروپێکە بەدەستی سوڵتان هێنراونەتە بوون و فویان تێکراوە. بەناوی سەلەفییەت دەدوێن، بەڵام لەڕاستیدا هەویرێکن لە (ئیرجاء و خەواریج) و شێلدراون، فەرموون با بزانین شەیخ (اللحيدان) چی دەڵێ:

فضل دعوة الإمام محمد بن عبد الوهاب.. الشيخ صالح اللحيدان/ الدقيقة26:٣١ – ٣٤:٢٩.

سئل فضيلة الشيخ العلامة صالح اللحيدان (دعوة الإمام محمد بن عبد الوهاب )السؤال التالي:فكيف يُرَدّ على من ادَّعى أن الإمام محمد بن عبد الوهاب رحمه الله أول من خرج على الدولة العثمانية في تلك الفترة جزاكم الله خيرا؟

الجواب: الدولة العثمانية، أولا ما قامت دعوة الشيخ الدعوة السلفية التي ما هي إلا تجديد لفكر الإمام مالك والشافعي وأحمد، ومن سبقهم من خيار سلف هٰذه الأمة، هو لم يأت بجديد رحمة الله عليه، وإنما نشر ما كان مغفولا عنه، وأعلن ما كان مسكوتا عنه، وهٰذا مما ميزه الله به جل وعلا.

والدولة العثمانية في ذلك الوقت كان يسميها الغرب الرجل المريض لأنها في شبابها كان أول مؤسسيها ليسوا على الملة، ثم أسلم من أسلم، ثم صارت في مسمّاها العام دولة إسلامية، وجاهدت ونشرت الإسلام في أوربا، ومع ذلك سقطت الأندلس، وكان بإمكان الدولة العثمانية لو شاءت لأن ذلك في أوجّ عزها أن تدافع عن الأندلس ولكنها لم تفعل؛ لأنها -والله أعلم- كان الظاهر من حالها أنها دولة سلطان وتوسع بالملك؛ ولكن صاحبها انتشار الإسلام في أوربا.

وأما أنه أول من خرج فلاشك أن نجدا ومن سار على المنهج الذي سارت عليه أول إقليم في ذلك الوقت خرج عن سلطان الدولة العثمانية؛ لأن الشرك الأكبر لا يستنكر في وقتها والأضرحة تشيد على الأموات، ولا يقتل إنسان دعا بالشرك الأكبر أو يلزم،فقامت الدعوة السلفية ونشأت الدولة السعودية في أواخر المائة الثانية وابتدأ سلطانها في أوائل المائة الثالثة إلىٰ أن قامت قائمة الدولة التركية واستعانت بمحمد علي باشا والي مصر الذي يريد أن يكون إمبراطورا، والغرب ضاق ذرعا بقيام الدولة السلفية؛ لأن الدعوة الصافية هي التي يوشك أن تضايق الغرب،لكن لو كان أول من خالف الدولة فإذا خالف الدولة خرج عليها لإقامة التوحيد وتحكيم الشريعة، ورجم من يستحق الرجم، وقطع من يستحق قطع اليد، كان ذلك شرفا له، ولاشك أن الله جل وعلا أعطاه من الشّرف فوق ذلك.

فەرموو بۆ گوێگرتن لە شەیخ صالح کلیکی ئێرە بکە.

کەوابوو دەرچوونەی شەیخ (محمد بن عبدالوهاب) بەڕووی عوسمانییەکان هیچ گومانی تێدا نییە و مورجیئەکان زۆر هەوڵدەدەن هەڵەی هەندێك لەزانایان بقۆزنەوە بۆ شاردنەوەی ئیرجائی خۆیان، ئەوەی کە زۆر گرنگیشە لەو بابەتە خوێندنەوەی ئەو دوو سەرچاوەیە لەو بابەتە (عنوان المجد في

تاريخ نجد/ إبن بشر). وە کتێبی (روضة الأفكار والأفهام لمرتاد حال الإمام وتعداد غزوات ذوي الإسلام/ الحسين بن غنام ).

لە خوای گەورە داواکارم سەرکەوتووی دونیا و دوارۆژمان بکات و لەخەمی بانگەوازی سەلەفی دابین و ڕێنەدەین ئەهلی بیدعە ئەو مەنهەجە پاکە بشێوێنن، بۆیە ڕەواندنەوەی گومانەکانی مورجیئە و ئەهلی بیدعە دەبێت خەمی هەموو خەمخۆرێکی بانگەوازی سەلەفی بێت.

نووسینی

نووسەرو بانگخواز

**م. سەرباز محمد حسن**